# چەککردنی مۆڵگەیەکی هێزەکانی ڕێژیم لە لایان خەڵکەوە

سەعات 8:40 شەوی یەکشەممە لە سەر دووشەممە31/ئۆکتۆبری/2005،( 9ی خەزەڵوەری 2705)، 4 ئۆتۆمبیلی پڕ لە سەرنشینی هێزی ئینتزامی ڕێژیم، وەک پیشەی هەمیشەییان بە تەمای رووتکردنی کاروانچییە زەحمەتکێشەکانی سنوورەکە، لە نزیک ئاوایی سەردۆشی مەریوان ژمارەیەک کاروانچی دەخەنە کەمینەوە و بارەکانیان کە بژێویی ماڵ و خێزانیانی پێ دابین دەکەن، لێدادەگرن.

پاش ئەوەی دانیشتوانی بەشرەفی ئاوایی " سەردۆش" بەم رووداوە دەزانن، هێشتا هێزەکانی ڕێژیم و کاروانچیەکان لێکداناپڕێن کە دەچن و نەک هەر بارەکانیان بۆ وەردەگرنەوە، بەڵکوو، دەکەونە گیانی جەردەو چەتەکانی ڕێژیم  و چەکیان دەکەن و تا ئاستی مردن لێیان دەدەن. بێجگە لەوەش دانشتوانی بە شەرەفی "سەردۆش" هەر 4 ئۆتۆمبیلەکەی هێزەکانی ئینتزامی تێکوپێک دەشکێنن. و هەڵمەتی دانیشتوانی وەزاڵە هاتووی سەردۆش، بەوە کۆتایی نایێ و هەڵمەت دەبەنە سەر مۆڵگەی هێزەکەی ڕێژیم و دەستی بە سەردا دەگرن.

بە پێی هەواڵێک لە نەخۆشخانەی شاری مەریوانەوە، حاڵی دووان لە هێزە بەرهەڵمەت کەوتووەکەی ئینتیزامی خراپە و بەرەو نەخۆشخانەی شاری سنە رەوانە کراون.

بەیانی رۆژی دووشەممە هێزێکی پۆشتە وپەرداخی ڕێژیم دەوری ئاوایی " سەردۆش"ی داوە و کوێرانە دەستیان داوەتە گرتنی هەر کەسێک کە لە دەرەوەی ماڵ بووە و نزیکەی 15-20 کەسیان گرتووە.

ئەمڕۆ سێشەممە 1/ ئۆکتۆبری/2005، لە سەعات 10ی پێشنیوەڕۆدا، گیراوەکان رەوانەی دادگای مەریوان کراون و ژن و منداڵەکانیان لە بەردەم دادگا کۆبوونەتە و داوای ئازادکردنی کەسوکارە گیراوەکانیان دەکەن.

ئەزموون سەلماندوویە کە هەرکاتێ خەڵک یەکگرتووانە لە بەرانبەر دەسدرێژی و زۆرداریەکانی هێزەکانی ڕێژیمدا وەدەنگ بێن، سەردەکەون و پەلاماردەران تێکدەشکێنن.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، سڵاوی دەنێرێ بۆ دانیشتوانی بەشەرەفی ئاوایی سەردۆش و دەستەکانیان بەگەرمی دەگوشێ.

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**10/خەزڵوەری/2705**
**1/نۆڤیمبەری/2005**

www.ruk2691.com
www.rukusa.com

کوردستان (ناوەندی) Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467

ئەمریکا Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389

ئوروپا Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467